کۆمیتەکانی ڕیفراندۆم بۆ کوردستان لە سوید کۆنفرانسی سێ یەمی خۆی ئەنجامدا




کۆمیتەکانی ڕیفراندۆم بۆ کوردستان لە سوید کۆنفرانسی سێ یەمی خۆی ئەنجامدا

ئه مرۆ 2006.01.21 کۆمیته کانی ڕیفراندۆم بۆ کوردستان له سوید کۆبونەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆنفرانسی سێ یه می خۆی لەشاری ڤیستەرۆس.
کەپێك هاتبوو لەکۆمیتەکانی ستۆکۆلم 2- ئوپسالا 3- ئۆریبرۆ 4- یەتۆبۆری 5- کۆمیتەی باشوری سوید. 6- ڤیستەرۆس وەبەئامادەبونی ژمارەیەکی زۆر لەنوێنەرو ئەندامانی کۆمیتەکانی ڕیفراندۆم. وەلەبەر کەش و هەروها کۆمیته ی ئومیۆ+ سوندزڤال نەیانتوانی بەشداربن٠
سەرەتا لەلایەن بەرێز کاك ئەمیری قازی به خێر هاتنی ئاماده بوانی کردو به دەقەیەك ماتەمینی بۆ گیانی پاکی شه هیدان کونفرانسی کردەوە.
دوا بەدوای ئەو کاك هاوڕێ حەسەن لەڕاپۆرتێکدا باسی کارو جالاکیەکانی کۆمیتەی باڵای سوێدی کردو ،پاشان کاك سەلاح حسێن ڕاپۆرتی کۆمیتەی باڵای سوێدی خوێندەوە که وەك دەست خۆشی و پیرۆزبای ناردبویان. وهەروەها ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی کۆمیتەی باڵای دەرەوەی وولاتیشی خوێندەوەپاشان کۆمیتەی پێشوو هەڵوەشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند .له هه مان کات دا دەستەی دیوان هەڵبژێردران و نوێنەری کۆمیتەکان بەکورتی باسیان لەکارو چالاکیەکانی خۆیان کردوو بەتێرو تەسەلی هەموو بابەتەکان خرانەبەر باس و لێکۆڵینەوە وه خرانەبەرنامەی کاری کۆمیتەکەوە. پاشان کۆنفرانسزۆر باس و پێشنیارو بڕیاری گرنگی لەسەر کاری ئەمرۆی بزوتنەوەکەداو ڕێگا چارەی گونجاوی بۆ دانا ٠ لەوانه
1- کار کردن بۆ بەرەو پێشبردنی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم تا گەیشتن بەدوا ئامانجی گه له که مان کەمافی چارەی خۆنوسینەبۆ گەلی کوردستان له ڕێگایڕیفراندۆمێکی رەسمی یەوە کەنەتەوەیەگرتوەکان سەرپەرشتی بکات.
2- هه وڵی ته واو بخرێته گه ڕ بۆ چه سپاندنی مافی چاره ی خۆنوسین بۆ گه لی کوردستان له ده ستوری هه میشه یی کوردستاندا.
3- بەهێزکردنی پەیوەندیەکی تۆکمەلەنێوان کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم و سەرجەمکۆمیتەی شارەکانی سوێد وه هەوڵدان بۆ بەهێزکردنیان.
4- پەیوەندی کردن بەدامو دەزگا نێو دەوڵەتیو پەرلەمان و حیزبەسیاسیەکانی سوێد وە.
5- دروست کردنی پردی په یوه ندی لەگە ڵ کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم لەباشوری کوردستان.
6- پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ هەموو کۆمیته کانی تری ئەوروپا و وولاتانی تر وه هەوڵ دان بۆ دروستکردنی کۆمیته لەو وڵاتانەی کەبزوتنەوەی ڕیفراندۆم یان تیا دروست نەبووە.
7- وەرگرتنی هەڵویست لەهەموو بۆنەکان و روداوه کانی کوردستاندا.
8- هه وڵ دان بۆ بە( NJO )کردنی بزوتنه وه کەله هەمو شارەکانی سوێد.
9- هەوڵدان بۆ دابین کردنی سه رچاوەی دارایی٠
هەر وەها کۆنفرانس بەتێکڕای ده نگ پیرۆزبایی لەکۆمەلانی خەڵکی کۆردستان کرد بەبۆنەی یەك گرتنەوەی هەردوو ئیداره کەی کوردستان.
ئەمانەو چەندین پێشنیارو بریاری گرنگ خرایه بەرنامەی کاری کۆمیتەکەوە٠

پاشان بەرێگای نهێنی و هەڵبزاردن  بەزۆرینەی دەنگ ئەندامانی کۆمیتەی باڵا هەڵبژێردران کەپێك هاتبون لە7 ئەندام وە2 ئەندام وەك یەدەك.
لەکۆتایدا کۆنفرانس زۆر بەسەرکەوتوانەبەسرودی ئەی رەقیب کۆتای بەکارەکانی خۆی هێنا.

کۆمیتە ی باڵای سوێد
2006-01-21